بارانی حەز و ..
غەم و غوربەت

خەم داتگرێ و.. خەم بتگرێ

ئای کە چاوت ماتەمینی هەزار ساڵەی ..

ئەم دونیایە دەگرێتە خۆی !

چاوانت تا خەستتر فرمێسك و خەم ببارێنن

منیش پتر.. گەلێ قووڵتر خۆشم دەوێن

دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم تۆ پێم بڵێ ..

هەواڵی چ هەرەسێکت بیستووە

ئەمشەو بە تەنیا ..

چ حەزێکی مەزن و غەریبت ناشتووە؟

بۆ ڕەش پۆشیت .. دەستگیرانە ڕۆح سپییەکەم..؟

ئەی حەزە ڕەنگین و پڕ هۆشەکەم

خەمی ساڵانی نەهاتی ئێستا و کۆنت بۆ بارکردووە

ئای گەر بمتوانیایە گوڵێکی دەگمەن بم

بۆ جوانی بمدەی لە سوخمە ڕەشەکەت

کلی عەتارێکی گەڕیدە .. بۆ چاوە زەرد و گەشەکەت

ئاخ و ئەگەر ..

دەبووم بە زاوایەکی بێ برین و فرمێسك و کەسەر

زستانێکی بێ ڕەشەبا

هەزار خۆزیا ..

گەر وا بووبا ..!

b

هاتمەوە .. پاش ئەوەندە ساڵە زۆرە ..

بە ڕەش پۆشی .. قژ بژ و .. سینە والا..

لەبەر ڕەشەبای زستانێکی سارد و سڕی

ئەم بەندەرە مت وەستابووی

ئای کە سیمای هەرتکمان چەند گۆڕابوو

بەڵام چاوانی زەردی تۆ ..

چاوانی پڕ شەرم و خەم و دەردی تۆ

هەرگیزاوهەرگیز.. نابن بە دوو گەڵای پایز هەڵبوەرێن

ناسیمنەوە و .. لەبیر ناکرێن ..!

عەزرەتی بووم و ... دەسووتام

کەچی نەمگرتیتە ئامێز

نەوەك گڕ لە باڵات بەربێ

بارانی ئەستووری هیچ وڵاتێك..

ئاگری دووری و غوربەتی تۆی نەکوژاندەوە

گەلێ گریام ..

بەر لە تۆ.. هیچ شۆخێ فرمێسکی تاڵی منی ..

نەخواردەوە !

زۆر پرسەم دی ..

هیچیان کەزی و بسکی درێژی بۆ مەینەتیم نەکردەوە

دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم ..

ئای کە تۆ گەورەتریت .. ڕەنگینترە خۆشەویستیت

لە پەلکەزێڕینەی ئەم وشانەم

لە شەوی پەردەی بوکێنیت ..

باسی هاوڕێکانی منالێمت بۆ دەکەم

منالانی مل باریکی ..

گەڕەکە تاریکەکەی خۆمان

کۆکەڕەشە زۆری کوشتن

باسی ئەو شەوە ساردانەی زستانێك

کە بێ پاڵتۆ یاساوڵی تۆ و .. شارەکەت بووم

ئەو ژەمانەی تێر بە سکی خۆم .. قەت نەمخواردوون

لایەلایە و ..

نالەی تەنیایی دایکە سەر بە هەشەکەم

شەپازللەو کۆڵەمستی باوکە تووڕە و تڕۆکەم

دەستگیرانە ڕەش پۆشەکەم ..

لە شەوی پەردەی بوکێنی بۆت باس دەکەم

قەت پێت نالێم: خۆشم دەوێی

تا چیرۆکی سك سووتانی

هەموو ئافرەتانی دونیات بۆ نەگێڕمەوە

وەرینی بلیۆنەها گەڵای .. ملیۆنەها پایز

مەینەتی بەندیخانەکانی سەرەتا و ئێستای مێژوو

خۆشم ناوێی ..

قەت پێت نالێم: خۆشم دەوێی

تا نەزانی یەکەم دڵۆپ فرمێسك و خوێن

کەی بوو ڕژان

ئەوسا هۆ دەستگیرانەکەم .. ئەوسا

ماچت دەکەم .. وەك ماچی ئادەم بۆ حەوا

پاش فڕێدانی لە بەهەشتی ڕەنگینی خوا

بۆنت دەکەم ..

وەك چۆن (یەعقوب) کراسی یوسف –ی بۆن کرد و ..

بینایی هەردوو چاوانی گەڕایەوەو

دەم بە کانی سۆزتەوە دەنێم

هەر وەك ئەسپێکی لە سەفەر ماندوو

گەلێ تینوو..

لە ئاوی سوێر بخواتەوە..!

خۆ دەزانم.. بە قەد ئەستێرەکانی ئاسمان

چاوی گەلێ جوانتر لە چاوی تۆ هەن

کەچی دەمەو ئێواران..

فریشتە سپییەکانی ئاسمان دێنە خوارێ

لە گۆمی پاکی چاوانت مەلە دەکەن

خۆیان دەشۆن.. ئەوسا دەڕۆن..

تۆش دەزانی.. هەزاران بازوی بەهێزتر.

هەزاران پیاوی لە من داراتر

لەسەر ئەم زەوییەدا دەخوڕنو.. هەن..

بەڵام دەشزانی..

کە تەنها دڵی ژێر سینەی سەقەتی من

مێرگێکی هەردەم سەوزە..

بۆ لەوەڕی کارئاسکی بێ گوناهیت !

1979/10/25